کاك «جمال غه‌مبار»یش شیعری «جمیله»ی خوێندەوە ، کە کامەرانی نەمر لە ساڵانی بەرپابوونی شۆڕشی جەزایەر ، پێشکەشی کردبوو بە کچە شۆڕشگێڕو ئازادیخوازی جەزایەر «جمیله بوحیرد» .

**● برووسکەو نامە ●**

ئەم برووسکەو نامانەیش خوێندرانەوە کە ئاراستەی لیژنەی چلەی ماتەم‌و بنەماڵەی شاعیری کۆچ‌کردوو «کامەران موکری» کرابوون .

● برووسکەی بەشی کوردی – کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا – کە د . ووریا عمر أمین ناردبووی . .

● برووسکەی مامۆستاو قوتابیانی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین – لە هەولێر . .

● برووسکەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان – لە سلێمانی . .

● برووسکەی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد – مەڵبەندی گشتی‌و هەموو لقەکانی .

● برووسکەی مامۆستا «فؤاد حمە خورشید» کە لە بەغداوە ناردبووی . .

– لە کۆتایی چلەی ماتەمینەکەدا کە چوار سەعاتی تەواوی خایاند ، مامۆستا «مستەفا نەریمان» نوێنەری دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەناوی دەزگاکەوە . دوو دیاریی – کە بریتی بوون لە دوو وێنەی شاعیری نەمر کامەران موکری – پێشکەش بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کرد . .

– دوای ئەوە مامۆستا «ئەخۆڵ»ی شاعیر بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبووەوە ، ووتارێکی خوێندەوە . تیایدا سوپاسی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بەشدارانی چلەی ماتەمینی کامەران موکری برای کردوو ، هەر بەو بۆنەیەشەوە پارچە شیعرێکشی خوێندەوە . . ئینجا کۆتایی بە کۆڕەکە هێنرا . .

– دوا بەدوای تەواوبوونی کۆڕی ماتەم ، بەشداربوانی چلەو ئەو میوانانەی کە لە دەرەوەی سلێمانی‌یەوە هاتبوون . سەردانی ئەو پیشانگایەیان کرد کە بۆ وێنەکانی خوالێخۆشبوو «کامەران موکری» لە هۆڵێکی تری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی جەماوەر ساز کرابوو .

# لە چلەی ... کامەران موکر...

● مومتاز حەیدەری ●

کامەرانی نەمر دەڵێ :–

**هەنسکی دایکی نیشتمانەکەت**
**پشکۆی هەڵمەتی گیانی خۆش کردی**
**هاورێم بۆ کوردو کوردستانەکەت**
**کۆچت‌کرد ، بۆیە من نالێم مردی**

ئەمە کامەرانی شاعیر لە بارەی کۆچ‌کردنی نیشتمانپەروەرێکی کورد بڵێ . . . ! ئەی ئێمە بۆ مرۆڤەکی چاکەخوازو دڵسۆزو تێکۆشەرێکی ڕیگای سەرفرازی نەتەوەو شاعیرێکی هاوچەرخ‌و ڕەخنەگرێکی وردبین ، بە کۆمەڵێ ئازارو ئاواتەوە ، لە ڕۆژگارێکی ئاڵۆزو ناسکدا ، بەبێ دەنگی کۆچ بکا دەبێ چی بڵێین . . . ؟ ! چی بکەین . . ؟

لە ئاست‌و دەرهەق ، ئەم کەڵە مروڤ‌و شاعیرەدا ، بەم دەم‌و دەست‌و دەست‌کورتی‌یە ، تەنیا ئەوەی بگوترێ‌و بکرێ . . دووبارە ، سێ‌بارە ، بە کارو کردەوەو هەڵوێست‌و شیعرە جوان‌و پاك‌و نیشتمانپەروەری‌یەکانی‌دا بچینەوەو وەك مەشخەڵ‌و چەپکە گوڵی وەفاداری بە نەوەی نوێ‌ی پێش‌کەش بکەین . . !

لە یادی دوو سەد ساڵەی سلێمانی‌دا گوتمان : « . . ئەو شارەی دوو سەد ساڵە دۆڵی ژان‌و خەم‌و ئەشکەنجەی ڕۆژگارە ، بەڵکو ئەم شارە یەکەم خشتی بە فرمێسك‌و خوێن شێلراوە ، لە کورەی مل‌ملانێ‌ی چینایەتی‌و نەتەوەیی‌دا برژاوە ، بە ئاوی جوانی‌و گوڵی سروشت‌و شیعرو گیانی هونەریی مووترەبە کراوە ، بە هەی‌ڕۆ ، هەی‌ڕۆ فرچکی گرتووە . . . » !

شاعیری گەورەمان نەك تەنیا نیشانەو نمونەیەکی زیندووی ڕەسەنی کاکڵ‌و گەوهەری مێژووی شکۆمەندی‌ی ئەم دوو سەد ساڵەی ڕەوتی خەباتی درێژخایەن‌و ژیانی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەری‌و جوامێری‌یە ، بگرە سوارچاکێکی لێ‌هاتووی سەربڵندی ڕێرەوی ئازادی خوازی نەتەوەیی کوردو شاری



## ۆستا
## دا

هەڵمەت و قوربانی بوو.

ئەم کەلێنە گەورەی مامۆستا کامەران لەم رەوتە پیرۆزەدا بە ئاسانی دروست نەبوە، بەڵکو لە ئەنجامی نیشتمانپەروەریی بنەماڵەکەی و ئێش و ئازارو شەونخونی و دەربەدەریی دەیان ساڵ و لێهاتوویی و بروا بە میللەت بوون و ئازادی نیشتمان و سەربەستیی مرۆڤ دروست بووە، بگرە هێشتا مێرد منداڵەو نەمامێکی ناسك بووە، کەهەست و گیانی کوردپەروەریی جۆشی سەندوەو بەهرەی شیعریی لەلای سەری هەڵداوەو ئێش و ئازاری کۆمەلایەتی و نەتەوەیی لە هەسانی داوەو بۆوەتە هەوێنی شیعرەکانی، ئەوەتا لە ناخەوە هاوار دەکاو دەڵێ :-

**چاوم هەڵهێنا ، دیم ئەم میللەتە**
**دیەنی ژینی قەنارەو پەتە**
**گوێم بە دەنگی (ئاخ) زرنگایەوە**
**دەمم بە هاوار هەڵهێنایەوە**
**بۆیە . هەر ئەبێ پشکۆی تولە بم**
**قوربانی خاك و هی ئەم خوڵە بم ! !**

مامۆستا کامەران - محەمەدی ئەحمەدی تاها - لە بۆتەی ژیانی دژواری کۆمەلایەتی و نەتەوەیی و بە گیانێکی رەسەنی کوردانەو ریبازی تێکۆشەرانە پەروەردە ببوو، بۆیە لە ناخەوە، خەم خۆری زەحمەتکێشان و دژی جەورو ستەمی زۆرداری بوو، هەروەها تێکۆشەرێکی راستگۆی رێگای سەربەستی و یەکسانیکردنی ئافرەتی لە گەڵ برایدا بوو. بگرە لە ئەنجامی باری ناهەمواری تایبەتی و گشتیی بنەماڵەو نیشتمانەکەی و هەروەها لەتەك ژیریی و هەست ناسکی و تواناو پشوودرێژی خۆیدا، مامۆستا کامەران نموونەیەکی کەم وێنەی مرۆڤەکی دڵسۆزو هێمن و بێفیزو تێکۆشەرێکی گەورەی رەسەنی کورد بێ... ئەوەی بە وردی بە مێژووی ژیانی مامۆستا کامەران و شیعرو نووسینەکانیدا بچێتەوە، زۆر بە توندی، راستیی قسەو بۆچوونەکانمان دەسەلمێنن.

مرۆ کە شیعرەکانی کامەران دەخوێنێتەوە، یان گویان لێدەبێ، لە ناخەوە رادەچلەکی و هەست و گیانی گڕ دەگرن و بروای زیاتر بە سەرکەوتنی نەتەوەو نیشتمانەکەی قایمتر دەبێ، پیاوی ترسنوکیش رووزەردی و شەرمەزاری دای دەگرێ. ئەوەی شایانی باسە، لە کۆتایی پەنجاکان و لە سەردەمی شەوەزەنگی گەل و نیشتماندا، واتا بەر لە شۆرشی ١٤ی تەمووز، شیعرەکانی مامۆستا کامەران، سەدان لاوی کوردی دەهێنانە جۆش و خرۆش و هەژان، سەرنج بدەن چۆن لەو بارەوە گوتوویەتی :-

**ئەوی مێژووی کورد بخوێنێتەوە**
**ئەلقەی زنجیرەی بهۆنێتەوە**
**تیئەگا ، هەرگیز سەر نانێتەوە**
**هیچ هێزێك نیە ، بیتوێنێتەوە**
**ئەو چەرخە نەما ، درەختی رەگەز**
**ریشەی دەرکێشن ، هی ئێمەی نەبەز**

بە کورتی : مامۆستا کامەران موکری مرۆیەکی، زێدە هێمن و دڵپاك و قسەخۆش و راستگۆو ئاسایی بوو، ئەوەندەیتر مرۆیەکی گەورەو شاعیرێکی هەڵکەوتوو رەخنەگرێکی کارامە بوو. چۆن بەبێ دەنگی دەژیا ئەوەندەش گەورە بوو، ئاواش بەبێ دەنگی و گەورەیی لەگەڵ بارێکی قورسی خەم و خەفەت و ئێش و ئازاری تایبەتی و گشتی گردی سەیوانی خانەوادە بێچاوەنواری بەو پەری ئاخ و داخ و پەرۆش و بە شانازییەوە باوەشی نەمریی بۆ کردەوە.

لە کۆتاییدا زۆر بە کورتی و دووبارە دەیڵێمەوە کۆچکردنی مامۆستا کامەران زیانێکی گەورەو سەخت بوو لە نەتەوەی کوردو ئەدەبەکەی کەوت، کە بە هیچ جۆرێك کەلینەکەی پڕ نابێتەوە، هەروەکو شاعیرێکی کۆچ کردووی چلەکان دەڵێ :-

برام هەر خاسی کوردانە لە ناوەختا لە دەسمان چوو
گران دەردێکە ئەم ژانە، مەڵێن تیماری ئاسانە

● لەگەڵ چەپکێ گوڵ و وشەی پاك و رەنگیندا بۆ گیانی پیرۆزی شاعیری گەورەی کورد.